ڕووداوەکانی دۆنۆ و وانەکانی ئەمڕۆ ! … شاخەوان سەنگاوی

لە خۆ پیشاندانەکانی حەقدەی شوباتی 2011 هیچ دروشمێك لە دروشمەکانی خوپیشاندەران داوای ڕێیشتنی دەسەلاتدارانی ئەم هەرێمەیان نەدەکرد بەلکو چەمکی سەرەکی و لە پێشینەی داواکاریەکانی ئەو دەمەی خۆپیشاندەران کە بە ڕەو و ڕووی دەسەلاتدارانی دۆنکەیان دەکردەوە چاکسازی بوو لە سەرجەم سێکتەرەکان چونکە دنیا بینی نوخبەی ڕۆشنبیران و سەرانی خۆپیشاندەران بۆ ڕووداوەکانی ڕۆژ ، زۆر لە پێش دنیا بینی سەرکردە سیاسیەکانەوەبوو بۆ دەرئەنجامی ڕووداوەکان ، ئەمیش هەکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سروشتەی کە نوخبەی ڕۆشنبیرو و هاولاتیەکان دەیانگوزەراند لەم هەرێمەدا بە بۆ میکاجکردن و ڕووپێش کردنی ڕووداوەکان .

وەکو خۆی دەرئەنجامەکان کە هەیە دەبینرا هەربۆیە درۆترین ماوەی خۆپیشاندانی تۆمار کرد لە کوردستاندا ، کە بەشێوەیەکی تەواو مەدەنیانە لە ماوەی زیاتر لە شەست ڕۆژ داواکانیان لە سەراکان ئازادیەوە لە شار و شارۆچکەکان بە بە گوێی دەسەلاتدارانی ئەم هەرێمدا دەدا ، بەڵام لە بەرامبەردا دەسەلاتداران لە جیاتی پیاداچوونووە بە جۆری و شێوازی پێوەکردنی داسەلاتەکانیان هاتن بە زەبری هێز و لە ژێر ڕووناکی بلاجیکتەرەکانی تاریکە شەوەکاندا خەمەی خۆپیشاندارانیان سوتان وە کەلتوریی سوتانی بارگە و بنەی نەیارەکانیان خستە نێوهەگبەی مژووی باشوری کوردستانەوە هەر بۆیە لە ماوەی بیست و شەش ساڵ لە پرسەی حکومڕانی لەم هەرێمەدا بە تایبەتی تر لە دوای ڕووداوەکانی 17ی شوباتەوە کوردستان هەمیشە لە بەردەم ئەگەری ڕووانی شەپۆلەکانی نارازی هاولاتیانداید چونکە دەسەلاتی کوردی وەك ئەوەی (نەبای دیبەت نە بۆران) گوێ بە خواست و داواکاریەکانی شەقام نادات هەر بۆیە دەبینین لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا شەپۆلێکی تری خۆپیشاندان زەربەی ناوچەکانی هەرێمی گرتەوە بەڵام بە شێوەیەکی تونتر خەلکی ڕژانە سەر شەقامەکان وە دروشمی (أرحل) یان بە ڕووی دەسەلاتی کوردیدا بەرزکردەوە وە بە ئەندازەیەکیش بوو لە هەندێ ناوچەدا بارەگای حزبی و حکومی لە یەك کوانودا دەسوتێنران بەڵام لە بەرامبەردا دەسەلاتی کوردی لە جیاتی ئەوەی بیرکاتەوە وانەیەك لە ڕووداوەکانی ڕابردوو وەربگرێت و بە

شێوەیەکی ئاقڵ مەندانە هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی سەرچاوەی ووداوەکان هەبهێنێ ، هەر وەکو هەموو جارەکانی تر دەستی دایە شێوە تەقلیدیەکەو بە زەبری هێز کۆکەی خۆپیشاندەرەکانی کپ کردەوە . ئایە ئێمە دەپرسین دەسەلاتی کوردی لە بەرامبەر توندوتیژی هێزە چەکدارەکانی خۆیدا کەی هەنگاوەکانی چاکسازی بە شێوەیەکی کرداری دەنێت ؟ یان ئەمجارەش مەست دەبیت بەدەرئەنجامی ئەم جۆرە لە کپ کردنەوە کاتیەی تورەیەکانی شەقام ، یان سەرانی ئەم دەسلاتە بیست و شەش ساڵیە بۆ ئاگان لەوەی دەرئەنجامی ئەو جۆرە لە حکومەتانیەیان کە لە ئێستادا بە دەردەکەوێت هەموو بنەماکانی حکومانیان ئیدی چ لە ووی سەربازیەوە یان ئابووری و کارگیری وسیاسی و کۆمەلایەتی ... هتد .

لە بازنەی داتەپیندایە ، وە هیچ سەنگ و بەها و متمانەیەکیان لەلای تاکی کوردی بۆ نەماوەتەوە ، ئیدی دەسەلاتێك تاکەکانی خواستی مانەوەیان نەبێت ! چۆن دەتوانێت درێژە بە مانەوەی دەسەلاتی خۆی بدا بۆ ماوەیەکی درێژتر …

شاخەوان سەنگاوی
Shaxewan.saed@gmail.com